# خوێندنی وانەی تایبەت بەکچان لە قوتابخانەکان بە پێویست دەزاندرێ

زۆر جار تێکەڵکردنی کچان و کوڕان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن بووەتە سەرباسی باسان و تەنانەت ڕای دژبەر و بۆچوونی جیاوازی لەسەر بووە، بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و فەتوا ئایینییەکانیش کاریگەری خۆیان داناوەو لە کەلتوور و نەریتی کومەڵگەدا کاردانەوەی هەبووە، بەڵام ژمارەیەک لە شارەزایان بە پێویستی دەزانن وانەی تایبەت بەکچان لەپرۆسەی خوێندندا دابنرێت، بۆ ئەوەی بە تایبەتمەندییەکانی خۆیان شارەزا بن و بە شێوەیەکی زانستی مامەڵەی لەگەڵ بکەن،



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**دەکرێ کچ و کوڕ لەسەر مێزی شەترەنج کێبڕکێ بکەن، بەڵام لە یاریگەی تۆپی پێ توانای جەستەییان جیاوازە**

نیما حسامی قوتابی زانکۆی پزیشکی لە وڵاتی ئۆکرانیا، هێما بۆ ئەوە دەکات کە پێکهاتەی جەستەیی ڕەگەزی نێر و مێ جیاوازە و هەرکام تایبەتمەندی خۆیان هەیەو پێویستە قۆناغبەندی و پۆلین بکرێ، تەنانەت بەپێی کەلتوور و نەریتی کۆمەڵگەش دەگۆڕدرێ، بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی زانستی و زۆر وردبینانە و بەپلانی ئەکادیمیانە ئەو کارە بکرێ». نموونەی ئەوەش دەهێنێتەوە کە «لە ڕووی Pathology و Sexology و Biology و Physiology و...هتد کچ و کوڕ جیاوازییان هەیە، وەك نموونە پیاو ناتوانێت دایك بێت، ئافرەتیش توانای بە باوك بوونی نییە، لەو بوارەدا هەرکامیان تایبەتمەندی خۆیان هەیەو دەبێت لە بناغەی ڕاهێنانیانەوە ئەو تایبەتمەندییانە لەبەرچاو بگیردرێ». نموونەیەکی دیکەش دەهێنێتەوەو دەڵێت «با گریمانەی ئەوە دابنێین کە لە قوتابخانەیەك بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێك، کچانی سەرکردە، یان ئافرەتی دەوڵەتدار Women governance پەروەردە دەکرێن، ئەو کچانە ببن بە سەرۆکی وڵاتیش نابێت ئەوەیان لەبیر بچێت کە تووشی زاوزێ دەبن و دەبێت بۆ دایکایەتی ئەزموونی تەواویان هەبێت، بۆیە تا پێش تەمەنی یاسایی، کچان ئاساییە بە تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە لە ژینگەیەکی تەندروستی زانستیدا بخوێنن، بێئەوەی لەڕەگەزەکەی تر جیابکرێنەوە، واتە هەر لە قۆناغەکانی ژێر تەمەنی یاسایی پرۆژەی یەکتر ناسین و ڕاگۆڕینەوەی بەردەوامیان هەبێت، سەیران و سەفەری هاوبەشی کێبڕکێی زانستییان هەبێت، بەڵام بەگشتی توانای جەستەیی کچان وەك کوڕان نییە، بۆیە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کێبڕکێی وەرزشی قورس بۆ ڕەگەزی نێر و مێ جیا دەکرێتەوە، بۆ نموونە دەکرێ کچ و کوڕ لەسەر مێزی شەترەنج کێبڕکێ بکەن، بەڵام لە یاریگەی تۆپی پێ، ئاستی توانای جەستەییان هاوسان نییە، بۆیە دەبینین لەوڵاتە پێشکەوتووەکانیش هەندێك لەو جیاوازییانە لەبەر چاو گیراون». نیما زیاتر گوتی « بۆچوونی من لە پیاوانی ئایینی وڵاتی خۆمان نزیك نییە، چونکە ئەوان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن تێکەڵبوونی کچ و کوڕ بە حەرام و ڕێپێنەدراو دەزانن، ئەوەش هەڵەیە و لە بری ئەوەی نەوەیەکی کارامەو لێهاتووی لێبکەوێتەوە، نەوەیەکی نەخۆش و گرژ و ئاڵۆز و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە».

**لە قوتابخانەکان پێویستە وانەی تایبەت بەهەردوو ڕەگەز بخوێندرێ**

پەرلەمانتار پەیمان عزەدین ئەندامی لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایوایە «چۆن کچ و کوڕ لە باخچەی ساوایانەوە بە یەکەوەن، پێویستە تاوەکو قۆناغی زانکۆش هەر بەیەکەوە بن و بەبێ جیکاری ڕەگەزی پرۆسەی خوێندن ئەنجام بدەن، ئەوە هەڵەیە کە ئێستا پەروەردە تێیکەوتووە، کە لەقۆناغی دایەنگە و باخچەی ساوایان و سەرەتایی کچان و کوڕان بەیەکەوەن، بەڵام لە قۆناغی بنەڕەتی جیادەکرێنەوە، دواتر لەقۆناغی زانکۆ جارێکی تر تێکەڵ دەکرێنەوە، ئەوەش کاردانەوەی خراپ دروست دەکات، کاتێك ئەو کچ و کوڕە دوای دابڕانێك تێکەڵ دەکرێنەوە، تووشی کێشەی جۆراوجۆر دەبن، لەڕووی زانستیشەوە ئەگەر تێکەڵ بکرێن پێشبڕکێی زانستی ڕوودەدات و بە خەسڵەتی یەکتر ئاشنا دەبن و نامۆبوون لەنێوانیاندا نامێنێت، تەنانەت دیاردەی توندوتیژیش کەم دەکاتەوە»، گوتیشی «من وەك ئەندامێکی لیژنەی پەروەردە و وەکو دایکێك بوونی وانەی تایبەت بەهەردوو ڕەگەز بە پێویست دەزانم، لەپەرلەمان هەنگاوەکانمان لەسەر بردوان بە پەروەردەی مەدەنی هاوێشتووە، ڕاستە هەردوولا تایبەتمەندی بایەلۆژی خۆیانیان هەیە، بەڵام ئەمڕۆکە ڕاگەیاندن پەردەی لەسەر هەموو ئەو بابەتە زانستییە بایەلۆژیانە هەڵماڵیوە و خەڵك بەتایبەت کچان هۆشیار و ئاشنان بە تایبەتمەندییەکانی خۆیان، سەبارەت بە پەروەردەکردنی کچانیش پێش قوتابخانە پێویستە دایکان و باوکان و ئەو ئەرکە لەئەستۆ بگرن، هەروەها لەهەموو قوتابخانەکان توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە ئەرکی ئەوانە ڕێنمایی بە قوتابییە کچەکان بدەن».

**وەزارەتەکانی تەندروستی و ڕۆشنبیری و پەروەردە دەبێت بایەخ بە وانەی تایبەت بە کچان بدەن**

شوان محەمەدئەمین خۆشناو مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «جیاکردنەوەی خوێندنی کچان و کوڕان خزمەت بە ڕەوتی پەروەردە و زانست ناکات، ڕەنگە لە هەندێ بواردا ئەو تایبەتمەندێتییانەی کچ پەیوەندی بە ڕەگەز هەبێت و ئەوە زیاتر ئەرکی خێزان و قوتابخانەیە، جگەلەوەی ڕێنوێنی و ڕێنماییە تەندروستیەکانیش بۆ هەردوو ڕەگەز لە یەك ئاستدا دەبینمەوە، ئێمە دەبێت کار لەسەر کەلتووری پێکەوەژیان و یەکسانی و سڕینەوەی هەندێ لەو دابونەریت بکەین کە لە بنچینەدا خۆمان خاوەنی نین و بە هۆی پرۆسەیەکی مێژوویی دوور و درێژەوە هاتووەتە نێو کۆمەڵگەکەمان»، ئەو مامۆستای زانکۆیە زیاتر گوتی «دەکرێت لەڕێگەی کردنەوەی خول و کۆڕ و سیمینارەوە ئەو بابەتانە تاوتوێ بکرێت بە هاوبەشی لەنێوان وەزارەتەکانی تەندروستی و ڕۆشنبیری و پەروەردەوە، بۆئەوەی وانەی پێویست بەکچان لەقوتابخانەکان بگوترێتەوە، پێموایە هەر شتێك کرایە مۆتەکە و ترس و بقە بەبێ ویستی ڕەگەزەکان دەبێتە بابەتێکی وا بەپەرۆش کە بە جۆش و خرۆشەوە لێی نزیك دەبێتەوە، ئاشکرا کردنی نهێنییەکان و فێربوونیان بەشێوازێکی زانستیانە و یاساییانە دەبێتە شتێکی ئاسایی.

**ژینگەی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان گونجاوە کە پرۆگرامێکی پەروەردەی جەستەیی هەبێت**

عیسا بۆتانی، سەرنووسەری گۆڤاری چەم، لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بەر لە سالانێك هەوڵێکی زۆرباش هەبوو تاکو سیستەمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان بتوانێت سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەرگرێت، ئەزموونی زۆرێك لە وڵاتان لەسەرتاسەری جیهان وەرگێڕدایە سەر زمانی کوردی و لە گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی بڵاوکرایەوە تاکو دواتر لە دوو بەرگی پەرتووکی (ئەزموونی گەلان، لەبواری پەروەردە و فێرکردندا) چاپکرا، ئەمە لەکاتێکدا بوو سیستەمی پەروەردەیی هێشتا ئاسەواری پەروەردەییەکی توند و ناتەندروستی سەردەمی بەعسی بەسەرەوە بوو. ئەوەی کرا ئەوە بوو هەڵسوکەوتی توندوتیژی مامۆستایان لەهەمبەر قوتابیان ڕێگەی لێ بگیرێ کە وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە و ڕەنگدانەوەی نەخوازراویشی لێ کەوتەوە، هەروەها سیستەمی



شوان محەمەدئەمین خۆشناو:

**ئێمە دەبێت کار لەسەر کەلتووری پێکەوەژیان و یەکسانی و سڕینەوەی هەندێ لەو دابونەریتانە بکەین کە لە بنچینەدا خۆمان خاوەنی نین**

نیما حسامی:

**کچان ئاساییە بە تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە لە ژینگەیەکی تەندروستی زانستیدا بخوێنن بێئەوەی لەڕەگەزەکەی تر جیابکرێنەوە**

پەرلەمانتار پەیمان عزەدین:

**لەهەموو قوتابخانەکان توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە ئەرکی ئەوانە ڕێنمایی بە قوتابییە کچەکان بدەن**

**عیسا بۆتانی:**

**پەیڕەوکردنی هەر شێوازێکی نوێی پەروەردە پێویستی بە زەمینەسازی و فەراهەمکردنی پێداویستی و کەشێکی پەروەردەیی و کادیری کارامە هەیە**

**عەزیز ڕەئووف:**

**لەوانەیەکی پۆلی سێی ناوەندی باسی ئەندامەکانی ڕەگەزی نێرینە و مێینە دەکات، کە مامۆستاکە دەگاتە سەر ئەو بابەتە بە قوتابییەکانی دەڵێت ئەو وانەیە لەماڵەوە بخوێنن**

پەروەردەیی سویدی و هاوردەکردنی سیستەمی قوتابخانەی نموونەیی و هاوڕێ و .. هتد. ئەمانە هەمووی ئامانجی خۆیان نەپێکا و نەبوونە بنەچەیەك تاکو سیستەمێکی پەروەردەیی ناوازە و نموونەیی لەسەر بونیاد بنرێ، لەبەر ئەوەی پەیڕەوکردنی هەر شێوازێکی نوێی پەروەردە پێویستی بە زەمینەسازی و فەراهەم کردنی پێداویستی و کەشێکی پەروەردەیی و کادیری کارامە هەیە . ئەمە سەرەڕای توێژینەوەیەکی ورد کە ئاخۆ ئەو سیستەمە چەندە لەلایەن توێژی مامۆستایان و قوتابیان و بەر لەهەمووشیان لەلایەن ماڵباتی قوتابییەوە قبووڵ دەکرێ».

گوتیشی «ژینگەی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان گونجاوە پرۆگرامێکی پەروەردەی جەستەیی هەبێت، هەرچەندە من پێموایە قوتابخانەکان نەیانتوانیوە کەسایەتی مرۆڤەکان دروست بکەن و لێرەدا مرۆڤەکان باشترین وانەیان لە رۆژگار دەستکەوتووە و ناڵێم قوتابیانی کچ پێویستیان بە وانەیەکی پەروەردەیی تایبەت بە ڕەگەزەکەی خۆیان نییە، بەڵام بڕوام وا نییە پرۆسەیەکی لەمشێوەیە سوودی باش بگەیەنێت».

## لەقوتابخانەشدا پێویستە رەچاوی جیاوازییەکانی ڕەگەزی مێینە بکرێ

د. فەیسەڵ بڵباس، وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی ڕایوایە «لەبەر ئەوەی کچان لەڕووی پێکهاتەی جەستەیی و فیزیۆلۆجیای ئەندامەکانی لەشی و لەلایەنی دەروونی و پەروەردەییشەوە جیاوازی هەیە لە کوڕان، بۆیە وەکو چۆن لەماڵەوە مامەڵەی جیاوازی لەگەڵدا دەکرێ، لەقوتابخانەشدا پێویستە رەچاوی ئەو جیاوازییانەی رەگەزی مێیینە بکرێ، نەك بەو مانایەی کە لە نێرینە جیا بکرێتەوە، بەڵکو بۆ گرنگیدان بەو چەند جیاوازییەی کە هەیەتی، چونکە ئاشکرایە وەزیفەی مێیینە لەماڵەوە جیاوازی هەیە لەهی نێرینە. بۆیە باشترە هەر لەسەرەتای ژیانیەوە ئەوانەی فێر بکرێ کە لەدوارۆژدا دێنەڕێی. بەڵام بوونی قوتابخانە و پرۆگرامی تایبەت بە رەگەزی مێیینە پێویست نییە، بەقەد ئەوەی پێویستە لەناو پرۆگرامی گشتیی خوێندندا بایەخی تایبەتی بە رەگەزی مێیینە بدرێ. لەلایەك بۆ ئەوەی مێیینە خۆی بناسێ و بزانێ لەچیدا جیاوازە لەنێرینە و دەبێ چۆن رەفتار بکات، لەلایەکی دیکەشەوە ڕەگەزی نێرینەش ئەو جیاوازییە جەستەیی و دەروونییانەی مێیینە بزانێ، فێردەبێ چۆن لەگەڵیدا دەجووڵێتەوە و لەلای نامۆ نابێ».

د. فەیسەڵ بڵباس هێمای بۆ ئەوەش کرد کە ئەو جۆرە بابەتانەی کە پەیوەندییان بە جیاوازییە جەستەیی و دەروونی و فیزیۆلۆجیای مێیینەوە هەیە بەپێی تەمەن و قۆناغەکانی خوێندن دەبێ بگۆڕێن و هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی خوێندنەوە هەبێ، گوتیشی «بۆ ئەو مەبەستە دەبێ مامۆستای شارەزا و راهێنراو و لێزان لەهەردوو ڕەگەزەکەدا هەبێ بۆ گەیاندنی ئەو جۆرە پرۆگرامانە بۆ خوێندکاران بەگشتی و کیژان بەتایبەتی. ئەوانەش نابنە هۆی جیاکردنەوەی ڕەگەزی، بەڵکو بەپێچەوانەوە رەنگە وابکەن باشتر نێر ومێ لەیەکتری بگەن و شارەزای هەڵسوکەوت رەفتاری یەکتری بن».

## پێویستە خێزان و پەروەردە وانە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان دەوڵەمەند بکەن

نووسەر و رۆژنامەنووس دڵزار حەسەن، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «دیارە پەروەردە وەك کەرەستەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ رێکخستن و ئاراستەکردنی ئاکار و رەفتاری مرۆڤەکان لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە تاك و خێزانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، لە نێو ئەو مەنزومە پەروەردەییەدا منداڵ بە دەرەجەی یەکەم بۆتە خاڵی جەوهەری ئەو پەروەردەیە. هەمیشە خێزان ئەم ڕۆڵەی بینیوە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکان بە کوڕ و کچییەوە، بەڵام بە هۆی سیستەمی خوێندن و درووستبوونی یەکەی پەروەردەی دیکە، منداڵ کەوتە ژێر کاریگەری زیاد لە پەروەردەیەك، لەوانە: خێزان، قوتابخانە، کۆمەڵگە، ژینگە و .. تاد، لێرەدا بە بێ جیاوازی هەردوو ڕەگەز بەم شیوەیە پەروەردەدەکران، بەڵام لە کۆمەڵگە نەریتی و ئاییینی و محافزکارەکان کچان بە چاوێکی دیکەوە سەیردەکرێن، بۆیە شێوازی پەروەردە و ئاراستەکردنی کۆمەڵایەتییان لەڕووی پەروەردە جیاواز بووە لەگەڵ کوڕان، سەبارەت بەوەی کچان لەڕووی پەروەردە و تەندروستییەوە دەبێ وانەی تایبەتییان بۆ باس بکرێت لە قوتابخانەکاندا، ئەگەر ئەم بۆچوونە لەو روانگەیەوە سەرچاوەی گرتبێت کە کچان هەندێك رووداوی فسیۆلۆجی بە هۆی جیاوازی رەگەزییانەوە لە کوڕان لێ روودەدات، ئەمە شتیکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر بۆ زیاتر گۆشەگیرکردن و پەروەردەکردنی خۆداپۆشین و پەراوێزبوونیان لەکۆمەڵگە بێت ئەوە کارەساتە، بۆیە لە هەردوو باردا ئەم کارە نەکرێت باشە، بەڵکو بۆ ئەوەی جیاوازی لە پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی پەروەردەی نێوان ڕەگەزەکان روونەدات، پێویستە خێزان و پەروەردە وانە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان دەوڵەمەند بکەن».

## شەرمنەکردن لەسروشتی مرۆڤەکان لە هەموو شتێك پێویستترە

عەزیز رەئووف مامۆستا لە ئامادەیی بەکرەجۆ لە سلێمانی، بوونی وانەی تایبەت بەکچان بە پێویست نازانێت و ئەو بابەتە بە پەروەردەی خێزانەوە گرێ دەدات و دەڵێت «تەنانەت لەپەروەردەی مۆدێرنیشدا سیستەمێکی لەمجۆرە بوونی نییە، بەشێوەیەکی گشتی چارەسەر لە خاڵێکی گرنگدا دەبینمەوە ئەویش شەرمنەکردنە لەسروشتی مرۆڤەکان، بۆ نموونە لەوانەیەکی پۆلی سێی ناوەندی باسی لە ڕەگەزی نێرینە و مێینە و ئەندامەکانی دەکات، کە مامۆستاکە دەگاتە سەر ئەو بابەتە، بابەتەکە شەرح ناکات و بە قوتابییەکانی دەڵێت ئەو وانەیە لەماڵەوە بخوێنن، ئەوەش کارەساتەو پێویستە ئەو بابەتانە لەناو سیستەمی پەروەردەدا باس بکرێت، لەوانە نەخۆشییە جەستەییەکانی کچان و ئافرەتان کرداری زاوزێ و هتد، بەڵام لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بەهۆی ئایین و کەلتوور و نەریت، کۆسپ لەبەردەم زۆربەی پرۆسەکانی ژیان دروستبووە، پێویستە لەبری جیاکردنەوە و پێدانی وانەی تایبەت، ئەو بەربەستانە بشکێنین و تەنانەت هەوڵبدرێت لە قوتابخانەکان وانەی رۆشنبیری سێکسی فێری قوتابیان بەهەردوو رەگەزیەوە بکرێت».





### سەرەڕای ئەنجامدانی سەدان پڕۆژەی وەبەرهێنان

# نێشتەجێبوون بە قەیرانێکی گەورە هەژمار دەکرێ بۆ گەنجان

گەرچی هەرێمی کوردستان لەماوەیەکی کەمدا لەڕووی وەبەرهێنان و دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و کۆمەڵگەی نوێ و دابینکردنی پێشینەی خانووبەرە کاری بەرچاوی کردووەو ئاماری دەستەی گشتی وەبەرهێنانیش ئاماژە بە دروستکردنی زیاتر لە ١٧٦ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربوونی کرێنشین و نەبوونی یەکەی نێشتەجێبوون بۆ چینی کەمدەرامەت بە قەیرانێکی گەورە هەژمار دەکرێ و کرێنشینەکانیش خۆیان بە بێبەشکراو دەزانن.

جێگری پارێزگاری هەولێر:
**نزیکەی (٩٠ هەزار) یەکەی نیشتەجێبوون لەسنووری پارێزگای هەولێر بۆ سەرجەم چین و توێژەکان دروستکراوە**

کڕیاری شوقەیەکی ناتەواو:
**کۆمپانیاکە غەدری کردووەو پڕۆژەکەی دواخستووە ئێمەش سکاڵای خۆمان تا ئاستی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەرز کردۆتەوە**

ئابووریناسێک:
**لای ئێمە بازاڕی دراو نییە بۆیە سەرمایەدارەکان پارەکەیان تەنیا بۆ کڕین و فرۆشتنی یەکەی نیشتەجێبوون تەرخان دەکەن**

### کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون دوادەخەن

«ئێمە دەیان خانەوادەی کەمداهاتی کرێنشینی دانیشتووی هەولێرین، کە ٢٨ مانگ پێش ئێستا گرێبەستمان لەگەڵ کۆمپانیایەك واژۆکردووە، بەوەی کە لە بەرامبەر قەڵاتی نوێ لەهەولێر شوقەمان بۆ دروستبکەن، تەنیا یەك قستی (دوو هەزار دۆلار)یمان ماوە کە بەپێی گرێبەستی نێوانمان دەبوا کاتی وەرگرتنی کلیلی شوقە لە شەش مانگی رابردوو ئەو قستە بدرایە، بەڵام تا ئێستا پڕۆژەکە بە نیوەش نەگەیشتووە، تەنانەت هەیکەلی شوقەکان تەواو نەبووە، بێگومان کار وابڕوات تا ساڵێکی دیکەش ئەو پڕۆژەیە تەواو نابێت»، ئەوە قسەی مامز محەمەد بوو، ئەو ئافرەتێکی فەرمانبەرەو بە نیگەرانییەوە دەڵێت «نزیکەی سێ ساڵە هەم قستی شوقە و هەم کرێی خانوومان داوە، ئەوەش بارگرانییەکی زۆری بۆ خۆمان و خێزانمان دروستکردووە، چەندین خانەوادەی کەمداهات بە فرۆشتنی زێڕ و زیو قەرز و فەرزو کارکردن لە چەندین شوێن، بە شەونخوونی و تەحەمولی برسێتی خێزان، دڵیان بەوە خۆش کردووە دەچنە ناو هێلانەی خۆیان و لە کرێچییەتی رزگاریان دەبێت، بەڵام هێشتا پڕۆژەکەیان بەنیوە نەگەیاندووەوخەریکە ئاگر لە هیواکانمان بەردەدات، تەنیا خانووەکانیان تەواو کردووە کە زۆربەی بۆ خەڵکی دەوڵەمەندە، کەچی شوقەکانیان پشتگوێ خستووە، بۆیە بە نامەی کراوە لە رۆژنامەیەك بەڕێز پارێزگاری هەولێرمان ئاگادار کردەوە، دواتر پەنامان بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم برد، دیارە ئەوان بە خەمخۆری خەڵکی هەژار ناسراون، بەڵام بەداخەوە تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەبووە، ئێستاش پەنامان بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی بردووە کە ڕێگری لەو غەدرە گەورەیە بکەن، دڵنیاین جەنابیان ماف بۆ مافخوراوان دەگێڕنەوەو ئێمەش تەنیا ئەو هیوایەمان ماوە».

### دیاریکردنی ژمارەی دانیشتووان و کرێنشینەکان داتای پێویستی نییە

کامەران سەعدی وەك ئابووریناسێك هێما بۆ ئەوە دەکات کە تائێستا لەهەرێمی کوردستاندا سەرژمێرییەکی ورد نەکراوەو وڵاتێکی گەورە بەفۆرمی خۆراك بەڕێوەدەچێت، گوتیشی «ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە زۆر کەس هەیە ئێستا لەژیاندا نەماوە، بەڵام بەپێی فۆرمی خۆراك زیندووەو ناوی لە فۆرمەکە نەسڕاوەتەوە، کەموکوڕی حکومەت لەوەدایە هەتا ئەمڕۆ سەرژمێری نەکردووە، بۆیە ئێمە نازانین ئەمساڵ ژمارەمان چەندە و ساڵێکی تر دەبێتە چەند، ئەوەش وایکردووە، بەهۆی نەبوونی داتای پێویست لەبواری زیادبوون و کەمبوونی ژمارەی دانیشتووان نازانین پێویستمان بەچەند یەکەی نیشتەجێبوون هەیە».

ئەو ئابووریناسە بازرگانیکردن بەیەکەی نیشتەجێبوون بە شتێکی سروشتی دەزانێت، چونکە «لای ئێمە بازاڕی دراو نییەو هەموو سەرمایەدارەکان تەنیا پارەکەیان بۆ کڕین و فرۆشتنی یەکەی نیشتەجێبوون تەرخان دەکەن، هەر ئەمەش وادەکات نرخەکانی بەرزببێتەوە، بەڵام ئەگەر حکومەت بەدیلێکی هەبێت و کارەکان بەشێوەیەکی وردبینانە بکات، ئەوکات تاڕادەیەکی زۆر کڕین و فرۆشتنی خانوو کەم دەبێتەوەو هەڵاوسان لەبواری نیشتەجێبووندا نامێنێت». گوتیشی «یەکێك لەسەرەکیترین کێشەکان کە وایکردووە ئەو قەیرانە چارەسەر نەبێت، ئەوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن و نایەنەوێت ببنە بەشێکی لەچارەسەر، بۆ نموونە چەندین پڕۆژەی نیشتەجێبوون هەبوو، کە نرخەکانیان گونجاو بوو، وەك شاری منارە و شاری کامەرانی و شاری ئاشتی و یەك و دووی شاری لاوان، بەڵام هەر زوو لەلایەن خەڵکی دەوڵەمەندەوە کڕدران و نرخەکەیان بە دووقات و سێ قات بەرز کردەوەو فرۆشرا». ئەو ئابووریناسە جەختی لەوەش کردەوە کە «لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی ڕێکخراو بۆ کڕین و فرۆشتنی زەوی نییە، بۆیە نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی زەوی بە ئارەزووی خۆیان نرخەکان یاری پێدەکەن و کەسیش ڕێگرییان لێناکات».

### هەرکەسێك شوقە، یان زەوی وەردەگرێت پێویستە مافی فرۆشتنەوەی نەبێت

کامەران سەعدی ئەوەشی خستەڕوو کە داهاتی خەڵك لەجاران باشتر بووە، بەڵام شێوازی ژیانیش گۆڕاوە، نموونەشی بەوە هێناوە کە ساڵانی رابردوو ماڵ هەبووە، چوار کوڕیان هاوسەرگیرییان کردووەو هەموویان لەیەك خانوودا ژیاون، تەنانەت تاچەند ساڵێك لەمەوبەریش کە کچ شووی دەکرد، تەنیا یەك ژووریان لەماڵی خەزووری بۆ تەرخان دەکرد، زۆر بەلاشیەوە ئاسایی بوو، بەڵام ئێستا هەرکچێك کە دەچێتە نێو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە راستەوخۆ داوای ماڵی جیا دەکات».

بە بڕوای ئەو ئابووریناسە یەکێك لە ڕێکارەکانی چارەسەری قەیرانی نیشتەجێبوون ئەوەیە هەرکەسێك شوقەیەك، یان زەوییەك وەردەگرێت پێویستە مافی فرۆشتنەوەی نەبێت، کە کێشەکەی چارەسەربوو، یان خانووی دیکەی کڕی، پێویستە حکومەت لێی وەربگرێتەوەو بیدات بەکەسێکی نیازمەند».

### خەڵکی بیانی بە لێشاو ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە

سەرۆکی کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینان (مەحموود ئیسماعیل مەحموود)، هێما بۆ ئەوە دەکات کە لەڕێگەی لق و نوێنەرایەتییەکانیان ئاماری کرێنشینەکانیان دەستنیشان کردووە، کە «دەگاتە (٦٥ هەزار) کرێچی لەسەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان، لەسنووری شاری هەولێریش (١٦ هەزار و ٦٠٠) کرێچیی هاووڵاتی، بەڵام ڕێژەی کرێنشینان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیادبوونە، چونکە ڕێژەیەکی زۆر لەخەڵکی بێگانە ڕوویان لەشاری هەولێر کردووە، هەروەها ڕێژەی هاوسەرگیری ساڵ لەدوای ساڵ لەزیادبوونەو ئێستاش وەك ساڵانی رابردوو خەڵك بەکۆمەڵ ناژین و هەرکەسەو خانووی خۆی دەوێت»، گوتیشی «ئەو پارەیەی بۆ سندوقی نیشتەجێبوون تەرخاندەکرێت، زۆر کەمە، بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١١ تەنیا نزیکەی (٤٩ ملیار دینار) بۆ دروستکردنی خانووبەرە تەرخانکراوە، کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە حکومەت (١٢٠ هەزار) زەوی دابەشکردووە، بەڵام ئەوەندەی ئێمە زانیاریمان هەبێت، دابەشکردنی زەوی نەبۆتە هۆی کەمبوونی کرێنشینی، چونکە بەشێکی زۆری ئەو زەوییانەی کەدابەشکراون، هەتا ئێستا نەکراونەتە خانوو، بەردەوامیش کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت».

سەرۆکی کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینان ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد «لە ئێستادا دەگوترێ لەسەرەتای مانگی تەموز حکومەت فۆرمی یەکەی نیشتەجێبوون بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکات»، بەپێویستیشی زانی نوێنەری کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینان لە لیژنەی دابەشکردنەکەدا لەپارێزگا ئامادە بێت». مەحموود پێوایە چارەسەری ئەم قەیرانە ئەستەم نییەو دەڵێت «دەتوانرێت کێشەکان چارەسەربکرێن بەوەی کە حکومەت بەرنامەی هەبێت و نەهێڵێت زەوی دابەشکراو کڕین و فرۆشتنی پێبکرێت و ئەو پڕۆژانەش کە بۆ کرێنیشنان دروستدەکرێن، دوای نەخەن و لەکاتی خۆیدا تەواو بێت، بەگشتی پێویستە حکومەت خۆی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەماوەیەکی کەمدا جێبەجێ بکرێن، نەك کەرتی تایبەتی بیانی ئەنجامی بدات و بەردەوام دوای بخات».

### ساڵانە زیاتر (١٥٠ تا ٢٠٠ ملیار) بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون دادەنرێت

پەرلەمانتار کاروان ساڵح ئەندامی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون لەپەرلەمانی کوردستان، قۆناغە جیاجیاکانی پڕۆژەکانی

گوڵان: کۆمەڵایەتی

نیشتەجیبوون لەهەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو کە بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە، «قۆناغی یەکەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر کۆمپانیایەك بهاتایە بەنرخێکی زۆر کەم و دیاریکراو زەوی زۆری پێدەداو خزمەتگوزارییەکانی وەك ئاو کارەبا و هاتوچۆشی بۆ ئەو زەوییە دابین دەکرد، بۆ ئەوەی بتوانرێت کەمێك کێشەو قەیرانی نیشتەجێبوون کەمبکرێتەوە، بەڵام لەم قۆناغەدا بەهیچ شێوەیەك کێشەکە چارسەر نەبوو، لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکان کەوتنە دروستکردنی ڤێلاو خانووی گرانبەهاو کەس نەیتوانی سوود لەو پڕۆژانە ببینێت. لە قۆناغی دووەم سندوقی نیشتەجێبوون هاتەکایەوە کە تاڕادەیەك توانرا بەشێکی کێشەکە چارەسەربکات، چونکە سندوقی نیشتەجێبوون بەشێکی پارەکەی دابیندەکرد، بەڵام بەهەمان شێوە لەم قۆناغەشدا نەتوانرا بەشێوەیەکی زۆر یەکسان هەموو هاووڵاتیانی کەمدەرامەت سوود لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون وەربگرن، ئەوبوو دواتر قۆناغی سێیەم دەستی پێکرد، ئەم قۆناغە زۆر جیاواز بوو، چونکە پاش هەوڵ و کۆشێکی زۆری پەرلەمان هاتەدی کە بەبەردەوامی کەوتینە کۆبوونەوەو تەنسیقێکی دوورودرێژ لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و دەستەی وەبەرهێنان و چەندین جار لەدانیشتنە هاوبەشەکانماندا ڕەخنەو سەرنجمان خستەبەردەمیان، ئەوەبوو لەلایەن حکومەتیشەوە ساڵانە زیاتر (١٥٠ تا ٢٠٠ ملیار) بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون دادەنرێت».

پەرلەمانتار کاروان ساڵح ئەوەشی خستەڕوو کە «ئێستا پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی داڕشتنی بەرنامەیەکی نوێیە کە بریتییە لەدروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەران، گوتیشی «لەوەزارەتی ناوخۆوە دەستمان پێکردووە کە بۆ گشت فەرمانبەرەکان یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکەین، بەبێ پێشەکی بۆ ماوەی بیست ساڵ، هەتا بەشێوەیەکی درێژخایەن ئەو کەسانە بەکرێیەکی ڕەمزی بتوانن ببنە خاوەنی خانوو، هەروەها بڕیارمان داوە بەهاوکاری لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان سەرلەنوێ یاسایەکە هەموار بکەینەوەو هەوڵدەدەین ئەو هاووڵاتیانەی کەهەتا ئێستا بێبەش بوون لەیەکەی نیشتەجێبوون، بەشێوەیەکی زۆر یەکسان و بە ڕێگەیەکی زۆر عادیلانە هەموویان ببنە خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوون».

## ٩٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەسنووری پارێزگای هەولێر دروستکراوە

تاهیر عەبدوڵڵا جێگری پارێزگای هەولێر، سەبارەت بە چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان دەڵێت «پارێزگای هەولێر بەردەوام هەوڵی چارەسەری ئەو قەیرانەی داوە، بەڵام بەهۆی زیادبوونی دانیشتووان و فراوانبوونی هەولێرو باشتربوونی باری گوزەرانی هاوڵاتیان کار و هەوڵی زیاتری پێویستە». گوتیشی «ناتوانین بڵێین توانیومانە کێشەکە چارەسەربکەین، بەڵام هەموو هەوڵێکمان بۆ داوە، وەك دابەشکردنی زەوی و دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون بەهاوکاری دەستەی وەبەرهێنان، ئەمە بێجگەلەوەی کە ١٥٠٠ شوقەمان بەهاوکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ خەڵکانی هەژار و کەسوکاری شەهیدان دروستکردووە، دابەشکردنی ئەو شوقانەش کە بە شوقەکانی (هاناستی) ناسراوە، لەڕێگەی فۆرم و کۆکردنەوەی خاڵ و شێوازێکی زۆر وردی کۆمپیوتەری بووەو هیچ جۆرە کەموکوڕییەك و فرت وفێڵێکی تیانەکراوە».

جێگری پارێزگار ئەوەش دەخاتەڕوو کە نزیکەی (٩٠ هەزار) یەکەی نیشتەجێبوون لەسنووری پارێزگای هەولێر بۆ سەرجەم چین و توێژەکان دروستکراوەو سیاسەتی حکومەتیش وایە بەهاوکاری وەزارەتی ئاوەدانکردوە بودجەیەکی تایبەتی بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون تەرخاندەکرێت، کە ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگ دەبێت زیاتر لە (٣٠٠٠) یەکەی نیشتەجێبوون دروست دەکرێت تەنانەت شارو شارۆچکەکانیش بەپێی ڕێژەی دانیشتووان بەشی خۆیان بەردەکەوێت، کە بەشێکی زۆر لەو یەکانە ئەمساڵ تەواودەبن و بەشێکی تریشیان لە ساڵی ٢٠١٥ کۆتاییان پێدێت». گوتیشی «پڕۆژەی گوندی کۆری تایبەتە بە خەڵکی کەمدەرامەت و هاوڵاتیانیش ئاگاداردەکەینەوە کە هەر پڕۆژەیەك هەبێت بۆ خەڵکانی کەمدەرامەت بەشێوەیەکی زۆر شەفاف کاری لەسەردەکرێت و بەپێی مەرجەکان خەڵك دەتوانن سوود لەو پڕۆژانە وەربگرن و مەرجەکانیش زۆر جار لەکاتی خۆی رادەگەیەنرێت ڕەنگە سەرەکیتریان کەسانی خێزاندار و کرێچی و کەم دەرامەت بێت».

## ژمارەیەکی زۆر پڕۆژەی نیشتەجێبوون لەکوردستان دروستکراون وپێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ

لەلای خۆیەوە بەڕێوەبەری گشتیی یاسایی و کارگێڕی دەستەی وەبەرهێنان (سامان عارەب سادق) هێما بۆ ئەوە دەکات، کە «بڕیارەکانی ژمارە (٤٥) و (٤٦) کە لەساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە دەرکران، تایبەت بووە بە هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی یەکەیەك لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون دەکڕن، کە نیوەی پارەکەیان بۆ دابین دەکرا بە وەرگرتنەوەی لە ماوەی دەساڵ، کە دیارترینیان پڕۆژەی لاوان و پڕۆژەی ئاشتی و پڕۆژەی شاری زێڕین بووە لەشاری هەولێر، چەندین پڕۆژەی هاوشێوە لەشارەکانی دهۆك و سلێمانی ئەنجام دراون»، گوتیشی «بێگومان ئەو کەسانەی کە لەم بڕیارانە سوودمەند بوون، بریتیبوون لە کەسوکاری شەهیدان و کەسانی کەمئەندام، هەروەها ئەو گەنجانەی کە تەمەنیان لەنێوان (١٨ تا ٣٠) ساڵ بووە، ئەوەشدەخاتەڕوو کە ئێستا سەرجەم پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون ڕاگیراون، سەبارەت بە هۆکارەکانیشی گوتی «ژمارەیەکی زۆر پڕۆژەی نیشتەجێبوون لەکوردستان دروستکراون، کە پێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ، بۆیە لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢ بەفەرمی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون ڕاگیران، بڕیاریش درا لیژنەی تایبەت لەگشت فەرمانگەکان پێکبهێنرێ، بۆ ئەوەی بتوانرێ کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکرێت». وەك دوا قسەشی وتی «ئێستا بڕیار دراوە بە دروستکردنی سێ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەهەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی حکومەتیش جەختی لەوە کردووەتەوە کە زیاتر خەڵکانی کرێچی و کەمدەرامەت لێی سوودمەندبن».

## خاوەن کۆمپانیاکان خۆیان بە خزمەتکار دەزانن

سەردار ئاکرەیی بەڕێوبەری کۆمپانیای رۆڵسن بۆ دروستکردنی خانوو، دەڵێت «ئێمە تائێستا چەندین پڕۆژەمان لەناو شاری هەولێر بۆ دروستکردنی خانوو ئەنجامداوە، سەرەتا (شاری ئالان)مان دروستکرد کە شارێکی زۆر ئاسایی بوو، هەر خانوویەکمان بە پێنج دەفتەر دۆلار فرۆشت، کە نرخێکی زۆر هەرزان بوو، بەماوەی دوو ساڵ قیست دراوە هەر شەش مانگ قیستێکمان وەرگرت و پێشەکییەکەی تەنیا (١٢٥هەزار دۆلار) بوو، زۆربەی ئەوانەی وەریانگرت،خەڵکی فەقیر و هەژاربوون و باری داراییان خراپ بوو، دەتوانم بڵێم شاری ئالان لەڕووی نرخەوە هەرزانترین شار بووە، دوای ئەوەش (شاری هەنگ) بوو کە نرخەکەی تەنیا (٦٠ هەزار دۆلار) بوو کە بەقیست دەدرێت، ئێمە زۆر هەرزان و بەنرخی گونجاو هەموو پڕۆژەکان بە هاووڵاتیان دەفرۆشین، چونکە دەمانەوێت هەموو هاووڵاتییەك سوودمەند بێت، مەبەستمان ئەوەیە گەنجان وهەژاران ببن بەخاوەنی خانووی خۆیان، واتا ئێمە تەنیا مەبەستمان خزمەتکردنی خەڵکەو نامانەوێت لەسەر حسابی خەڵك ببین بە سەرمایەدار».

سەرۆکی کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینان:

**بەشێکی زۆری ئەو زەوییانەی دابەشکراون، نەکراونەتە خانوو تا ئێستاش کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت**

پەرلەمانتارێک:

**بۆ گشت فەرمانبەرەکان یەکەی نیشتەجێبوون بەبێ پێشەکی بۆ ماوەی بیست ساڵ دروستدەکرێ**

بەڕێوبەری کۆمپانیایەک:

**ئێمە تەنیا مەبەستمان خزمەتکردنی توێژی کەمدەرامەت و هەژارەو نامانەوێت لەسەر حسابی خەڵک ببین بە سەرمایەدار**